# دیالۆگێکی دیمۆکراسی به ده وری پرسی ئه لئیسلامیزم

## له ئه ورووپادا

______________ سمکۆ مه لا ـ فه ره نسا ـ

له به هاری ساڵی ١٩٩٦ دا له شاری هه ڵه بجه به خزمه تی مامۆستا یه کی ئا ینیی گه یشتم و(ناوی ئه و به ڕێزه به ئه مانه ته وه ناهێنم ته نها مه گه ر پێویست بێت)، پێکه وه باسێکی گه رم و گوڕمان کرد له مه ڕ بابه تی ئیسلامی سیاسیی وته شه نه ی به رده وامی بزوتنه وه ئو سوڵی یه کان( به هه موو ئاینزا ئیسلامییه کانه وه) که نه ک ته نها به ته وژم به ڕۆژهه ڵاتی ناوه ڕاست و وڵاتانی به ناو جیهانی ئیسلامیدا بڵاو ده بوو نه وه، به ڵکو له ئه ورووپا وئه مه ریکاشدا له ته شه نه سه ندندابوون ـ یه ک له فه رما یشته کانی جه نابی مامۆستا، که هه رگیز له یادم ناچێت،له زاری مورریدێکی شێخ عوسمانی نه قشبه ندییه وه گێڕایه وه، که گوایه هه نووکه- له ساڵی ١٩٩٦ دا- له وڵاتێکی وه کو فه ره نسادا نزیکه ی حه وت هه زار مزگه وت هه یه و په یامی ئیسلامی به ده نگێکی دلێره وه بڵا و ده کرێته وه !شا یانی با سه، و ته نها بۆ یادخستنه وه، ئه و سه رده مه کێشمه کێشمی ئا یدیۆلۆژی نێوان ئیسلامییه موسوڵمانه کان و سۆفیه موسوڵمانه کان له ناو شاری هه ڵه بجه دا له لوتکه دا بوو- هه ردوو مزگه وته گه وره که ی شار ( مزگه وتی سۆفییه کان و ئه وه ی ئیسلامییه کان) که ته نها ١٠٠ سه د مه ترێک له یه که وه دووربوون، به رده وام وبه

تایبه ت له خوتبه ی هه ینی دا ده بوونه بڵند گۆی به یه کدا هه ڵشاخانی هزره جودا کانیان ـ هه ندێ جار، به داخه وه ، تا سه ر ئێسقان بوونی یه کترییان تێک ده شکاند!! به ویژدانه نه وه، نه ئه و سه رده مه و نه ئه مرۆش مه به ستم له ته رازووی ڕاستی دانی فه رمایشته که ی جه نابی مامۆستا نه بووه و نیه، هێنده نه بێت که له ده ستپێکی ئه م نووسینه دا ئامانجم کردنه وه ی ده روازه یه کی شیاوه بۆ ئه م بابه ته، که به دڵنیاییه وه په ڤینی هه مه چه شن وگه لێک هزری جیا واز له خۆ ده گرێت ومنیش هه وڵ ده ده م که تا ده کرێت بابه تیی بم له هه ڵوێستمدا.

* ده نگ و دوی پرسی ئیسلامی سیاسی له ئه وروپا.

پرسی ئیسلامی سیاسی بێ گومان له وڵاتێکه وه بۆ وڵاتێکی دیکه ی ئه وروپی ده گۆڕێت و جیاوازه، هه روه کو چۆن ئه م پرسه له نێو خودی ئه و شه ست وڵاته دا جیاوازه که له ڕووی ده ستورییه وه ئیسلام به ئاینی وڵات و ته نانه ت به سه رچاوه ی یاسا دانانیشی ده زانن ! پێشوه خت ئه م پرسه زیاتر له ناو ده سته جه معی پسپۆڕان و به رژه وه ندیداراندا باسی لێوه ده کرا، وه لێ له وه ته ی که دیمه نه ویژدان هه ژێنه کانی سه رله به یانی ۱۱ی سێپته مبه ری ۲۰۰۱ بوون به به شێک له تراژیدایای یاده وه رییه کانی مرۆڤی ڕۆژئاوایی، ئه م پرسه ئارسته یه کی گه لێ جیاوازی وه رگرتووه و ڕۆژنیه نه بێته ناوه ڕۆکی په یڤینی ڕۆژانه ی هه زاران ئه وروپایی، به تایبه ت کاتێک که که سێکی به ته قلید موسوڵمان له و ده ڤه ره دا بێت!!؟

پێشتر ئه وان بیستبوویان که هه وادارانی ئه م ڕێبازه له جه زائیر

به کۆمه ڵ مرۆڤ سه ر ده برن ... له ئاڤگانستان ئافره ت له ته پڵی سه ر تا نووکی پێ چادر پۆش ده که ن ... له سعودییه و له ئێراندا ساده ترین مافه کانی مرۆڤ به ڕه وا نابیین!!

له ١١ی سێپته مبه ره وه،ئه وروپییه کان هه ستیان کرد که ئه و چه کداره به ناو سه ربرِ ونه یار به ما فه مرۆییانه چیدی ته نها له چیاکانی جه زائیر وئه شکه وته کانی ئاڤگانستان و بیابانه وشکه کانی عاره بیدا ناژین،به ڵکو له ناو کرۆکی کۆمه ڵگای ڕۆژئاواییدان!

ده شێت که خوێنده ڤان بن .. نۆژدار بن .. ئه ندازیار بن .. کرێکار یان بێ کار بن، کورت وپوخت ده شێت هه رکه سێک بن که به بڕوا یان ته نانه ت به ته قلیدیش موسوڵمان بن!!؟

ئالان گرێش سه رنووسه ری لو مۆند دیپلۆماتیک ده ڵێ؛

<< بۆ سبه ینێی١١ی سێپته مبه ر، ئه وروپاییه کان بۆ مه به ستی قورئان کڕین، هێنده به وروژمه وه ڕوویان کرده کتێبخانه کان که له ماوه ی چه ند ڕۆژێکدا قورئان له کتێبخانه کاندا نه ما. ئه وان چاوه ڕوان بوون که له نێو لاپه ڕه کانی قورئاندا سۆراخی بن لادن و خواسته کانی فڕۆکه ڕفێنه کان بناسنه وه!! >>

* په یوه ندی نێوان ئه وروپا و ئیسلام

په یوه ندی مێژوویی نێوان ئه وروپا و ئیسلام هه رده م په یوه ندی نێوان دوو داگیرکه ر بووه . سه رده مێک کۆلۆنیالیزمی ئه وروپا له وڵاتی موسوڵماندا و سه رده مێکی دی ئیسلامی فه تح که ر له ئیسپانیا و بالکان و ڕوسیاو ... هتد . سروشتی ئه م په یوه ندییانه، به شێوه یه کی گشتی، وا به سته ی ئه و هه ڵکشان و داکشانه سیاسییا نه بوو که به ده وری ده ریای سپی ناوه ڕاستدا به درێژایی

مێژوو ڕوویان ده دا. له دێر زه ماندا که ئه وروپاییه کان ده چوونه نێو کۆمه ڵگه ی ئیسلامیه وه ڕووبه ڕووی پرانسیپه ناچارییه کانی پێکه وه ژیانی کۆمه ڵایه تی ده بوونه وه، وه لێ ئه مڕۆ دیارده که ته واو جیاوازه، له م سه رده مه دا ئه وه ئه وروپییه کانن که هه راسانن له ڕوو به ڕوو بوونه وه ی لێشاوی کۆچی موسوڵمانه کان بۆ ناو کۆمه ڵگه که یان !؟جاران نیازه جۆراو جۆره کانی کۆلۆنیالیزم،وه ک ستراتیژی جیۆگرافی ومیلیتاری و به رژه وه ندییه ئابوورییه کان، هانده ری ئه وروپاییه کان بوون له بڵاوبوونه وه به ناو کۆمه ڵگای ئیسلامیدا، وه لێ ئه مڕۆ ئه وه هه زاران ئه وروپایی هه ژار و بێ کاره که وا هه ست ده که ن که ده رفه تی کارکردنیان له لایه ن سه دان هه زار مو سو ڵما نه وه مۆنۆپۆل کراوه !

< ئه رێ ئه وه هه ر باوو باپیرانی ئه و موسوڵمانانه نه بوون که دژ به بوونی ئه وروپاییه کان بوون له کۆمه ڵگای به ناو ئیسلامیاندا؟!> ئه وروپییه کان ئا وه ها ده پرسن!

* په یوه ندی نێوان ئه وروپا و ئیسلامیزم

که له ٢٠٠٤/١١/٣ دا پۆلیسی فیدێراڵی ئه ڵمانیا هه واڵی ده سگیر کردنی ئه و سێ تیرۆریسته ی ڕاگه یاند که نه خشه ی تیرۆرکردنی سه رۆک وه زیرانی کاتیی عێراق ئه یاد عه لاوییان کێشابوو ته واوی ده زگاکانی هه واڵگری ڕۆژئاوا له وپه ڕی ئامه ده باشیدا بوون و ئۆپه راسیۆنه کانی زێره ڤانی نه ک ته نها ئه و گروپانه به ڵکو ته واوی مزگه وته کانیشی ته نیبوو، با ڕێژه ی ئه و مزگه وتانه به سه دا ن و یان به هه زارانیش بن !؟ به داخه وه

ئاسته مه كه ئه مڕۆ هه ر ده سته جه مع بوونێكی مرۆڤه به ته قلید
یان به بڕوا موسوڵمانه كان له ڕۆژئاوا نه بێته مایه ی زێره ڤانی و
له دووچوون و سه رچاوه ی گومانی به رپرسیاران له ته ناهی
نیشتمانی وكۆمه ڵایه تی ئه و وڵاتانه!!
له م سه ره تای هه زاره ی سێیه مه دا گه لێ ئه فسووس ئه وه
بوونی نزیكه ی پێنج هه زار دۆكتۆری به ڕه چه ڵه ك مه غریبی
(مه غریب، جه زائیر، تونس) نیه، كه له نه خۆشخانه كانی
فه ره نسادا كارده كه ن، شایانی ئاماژه بۆكردن و پێزانینی
به رده وامی گه لی فه ره نسا بن، به هه مان شێوه شوێن ده ستی
دیاری سه دان هه زار كرێكاری موسوڵمان، كه كۆڵه كه ی
بونیادنانه وه ی ئابووری فه ره نسی بوون له دوای جه نگ و
به درێژایی نیوه ی دووهه می سه ده ی بیسته م ته نانه ت
تا ئه مڕۆیش!!
له فه ره نسا هه نووكه نزیكه ی پێنج سه د هه زار جوله كه
هه یه ـ كه له پاییزی ڕابووردوودا ئاریال شارۆن داوای لێ
كردن كه ئه و وڵاته به جێ بهێڵن و ڕوو بكه نه ئیسرائیل،
كۆمه ڵگای فه ره نسی هاواری لێ هه ستا! وه لێ ئاخۆ گه ر
له ماوه یه كی كورتیشدا زیاد له پێنج سه د هه زار موسوڵمان
ئه م وڵاته بۆ هه تا هه تایه ش به جێ بهێڵن كه سێك ئاهێك
هه ڵده كێشێت؟!
ئیسلامیزم ئه گه ر هێنده ی تریش ته شه نه بسێنێ و ژماره ی
مزگه وته كانیش زیاتربێ هێشتا هیچ له ناوه ڕۆكی مه سه له كان
ناگۆڕن ! هه موو شۆڕشی نوێ و مه دی ئیسلامی سیاسی

هێنده ی دیمه نی ئه و کیژۆڵه نه شمیله ئا ڤگانییه کاریگه ر
نه بوو که له پاڵه وانێتی جیهانیی ئاتله تیسم(گۆڕه پان و
مه یدان)دا و دواتریش ئۆڵۆمپیادی ئه سینادا به
ته راکسوودێکه وه بۆ ژیان بۆ به خته وه ریی ڕای ده کرد!؟
له بواری کاریگه ری سیاسی و کۆمه ڵایه تیشدا به
ده رچوواندنی یاسای تایبه ت به به هێزکردنی یاسا و
پرانسیپه کانی عه لمانی( لایسیزم) ده رکه وت که تا چ ئاستێک
پرۆژه ی ئیسلامیی سیاسیی له فه ره نسا نه زۆک و
نه خوازراوو و بێ ئانده یه!!
له م سه رده مه دا، که هێشتایش ئه فسوس مه ترسی پرۆژه ی
ئه لئیسلامیزم به سه ر ئاسایشی نێو نه ته وه ییه وه دیاره،
گه لێک گرنگه که هه وڵ بۆ والاکردنی ده رفه تێکی شایسته
بدرێت تا له هزر و شیکاری فه لسه فی و کۆمه ڵایه تی مرۆڤی
ئه ورووپیدا ئه و متمانه یه دروست بکرێت که نه خێر هه موو
موسوڵمانێک یان که سێکی به ترادیسیۆن(ته قلید) موسوڵمان
ئیسلامی نیه ـ هه روه ک چۆن له به رامبه ره که یشی
بگه یه ندرێت که نه خێر و هه زار جار نه خێر، مرۆڤه پرچ
زه رد و چاو شینه کان ئارمانجیان دوژمنایه تی کردنی ئیسلام و
موسوڵمانان نیه و په یامی به رز و سه رکه شی دیمۆکراسیی و
عه لمانیی چه کێک نیه بۆ ته فرو توناکردی ئۆردوی ئاینزاکانی
(مه زهه به کان) ئیسلام، به ڵکو ته واو به پێچه وانه وه!!